# ئاماری کردەوە تیرۆریستییەکانی جولەکە
# لە مێژووی نوێدا

## و: هیوا دەروێش

### بەشی شەشەم و کۆتایی

**★ رفاندنی دیبلۆماتە ئێرانییەکان لە بەیروت:**

لە (14 مانگی تیر ـ تەمووز ـ)ی (1361)ی کۆچی هەتاویدا (4) دیبلۆماتی ئێرانی بە ناوی (موحسین موسەوی، ئەحمەد متەوەسلیان، تەقی رستگار موقەدەم، کازم ئیخوان) لە جادەی تەرابلس لە بەیروت رفێندران.

**★ تیرۆرکردنی زانایان:**

1ـ تیرۆرکردنی زانای فیزیکی میسری (خانم د. سەمیرە موسا) لە(15)ی ئابی (1952).

2ـ تیرۆرکردنی (نەبیل ئەلقلیبی) فیزیك ناس و زانای ناوکی میسری لە شاری پراگی پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیا لە کانوونی دووەمی (1975)دا.

3ـ تیرۆرکردنی (د. یەحیا ئەلمەشد)، زانای فیزیکی میسری لە (14)ی حوزەیرانی (1980) لە باریس.

4 ـ تیرۆرکردنی (نەبیل ئەحمەد فولەیفل) یەکێ لە زانا فیزیك ناس و ناوکییەکانی عەرەب لە شارۆچکەی (بیت غول).

**★ تیرۆرکردنی زانا ئەڵمانییەکان لە میسر:**

1ـ تشرینی دووەمی (1962) مارسی (1963) زانا ئەڵمانییەکان لە میسر (3) نامەی بۆمبڕێژکراویان بەدەست گەیشت، دوانیان تەقینەوە و بووە هۆی کوژرانی (6) زانا و کوێربوونی سکرتێرەیەکی ژن.

2ـ لە (19) مارسی (1963) پۆلیسی سویسری ئەوەی راگەیاند کە (یوسف ئیبن گال) بەناو کارمەندی وەزارەتی پەروەردەی ئیسرائیل (د. ئتو جوکلیك) زانای نەرویجی دەستگیر کردووە بە تۆمەتی ئەوەی کە زانایەکی ئەڵمانی لەگەڵ چەند زانایەکی تردا کاریان لەسەر بەرەوپێشبردنی مووشەکە سەربازییەکانی میسرکردووە و بە کوشتن ترساندوویانە.

**هێرشکردنە سەر فڕۆکەی مەدەنی:**

یەکێ لە ترسناکترین شێوازە تیرۆریستییەکانی رژێمی سەهیۆنی، هێرشکردنە سەر فڕۆکەی مەدەنی بوو کە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین:

1ـ لە (28)ی کانوونی یەکەمی (1968) رژێمی سەهیۆنی هێرشی کردە سەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەیروت و (13) فڕۆکەی نەفەرهەڵگری بە تەواوی لەناو برد، لەم کردە تیرۆریستییەدا نزیکەی (50) سەرنشین کوژران و زیاتر لە (75) کەسی تر بریندار بوون.

2ـ لە (21)ی شوباتی (1973)دا دوو فڕۆکەی جەنگیی ئیسرائیلی بە مووشەك هێرشیان کردە سەر فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگری مەدەنی لیبیایی و خستیانە خوارەوە، لە ئەنجامدا (113) سەر نشینی ئەم فڕۆکە مەدەنییە کوژران، کە وەزیرێکی لیبیایی بە ناوی (سالح بن بوسیر) یان تێدابوو.

**گۆڕینی ڕێڕەوی فڕۆکە نەفەرهەڵگرە مەدەنییەکان:**

1ـ لە (10)ی ئابی (1973)دا ئیسرائیلییەکان فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگری عێراقیان لە خاکی لوبنان فڕاند و بردیان بۆ فەلەستین، هەروەها هێشتا (24) سەعات بەسەر دەرچوونی یاداشتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا سەبارەت بەم کردەوە تیرۆریستییەی جولەکە تێپەڕنەبووبوو، کە فڕۆکەکانی ئەم رژێمە فڕۆکەیەکی لوبنانییان لە جۆری (بۆینگ707) فڕاند.

2ـ فڕاندنی فڕۆکەیەکی لیبیایی لە (4)ی شوباتی (1986) فڕۆکە جەنگییەکانی رژێمی سەهیۆنی فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگری لیبیاییان فڕاند و بردیان بۆ باکوری ئیسرائیل، ئەم رووداوە هێندە سەرسوڕهێنەر بوو دەنگی نارەزایی لە خودی ئیسرائیلییەکانیش بەرز بوویەوە.

ئەم گوتانەی پرۆفیسۆر (ئیسرائیل شاهاك) سەرۆکی کۆمەڵەی ماڤ مرۆڤ و هاووڵاتیانی ئیسرائیل گەواهیی ئەم راستییەن: ( گومانم نییە کە بتوانرێ کەسێکی وەك (مایر هارزیون) پیاوکوژ پەیدا ببێت، ئەو لە یاداشتەکانی خۆیدا کە لە چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ رۆژنامە ئیسرائیلییەکاندا چاپ کراوە بە خۆشحاڵییەوە باس لەوە دەکات کە چ مرۆڤکوژێکی ئازا بووە و بە چ نارەحەتییەك خەڵکی کوشتووە. ئەو ئەوە دەخاتە روو کە

کاتێك عەرەبێك دەکوژێت چەندە هەست بە خۆشحاڵی دەکات، ئەو عەرەبی بە چەقۆ دەکوشت! دەگێڕێتەوە کە چۆن مۆڵەتی لە فەرماندەیەکی خۆی وەرگرتووە تا شوانێکی بێ چەك بە چەقۆکەی خۆی بکوژێت، دەڵێ دۆستەکەی شوانە عەرەبەکەی گرتووە و ئەمیش چەقۆکەی کردووە بە دڵیدا و خوێنی لەبەر ڕۆشتووە. ئەگەر بمانەوێت تەواوی کردەوەکانی (مایر هارزیون) باس بکەین، دەبێت یاداشتەکانی (مووشە شارت) بگێڕینەوە، کە باسی دەکات کە (هار زیون) چۆن لەگەڵ دەستەیەکی تیرۆریستی وەك خۆیدا شەش عەرەبیان هێناوە و پێنجیان بە چەقۆ یەك لە دوای یەك کوشتووە و شەشەمیان نەکوشتووە، تا ئەوەی بینیویەتی بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە. سەیرە ئەم کەسە لای زۆربەی ئیسرائیلییەکان بە قارەمانێکی نەتەوەیی دەدرێتە قەڵەم، (مووشە دایان) و (ئاریل شارۆن) ئەویان وەك نمونە بە لاوان دەناساند.